# HP و لاپتۆپی سێ ڕەهەندی




داهاتووی جیهانی دیجیتال هی تەکنەلۆژیای سێ ڕەهەندی (3D)یە. تەلەڤزیۆن، مۆبایل، پرینتەر، سکاینەر، کۆمپیوتەر..تاد هەمووی بەرەو سێ ڕەهەندی هەنگاو دەنێن. لە ساڵانی داهاتوودا ئیدی هیچ کام لەو ئامێرانە بەبێ سێ ڕەهەندی نابینرێن. کۆمپانیای HP لە ریزی یەکەمی ئەو کۆمپانیایانە دێت کە بەرەو بەرهەمهێنانی لاپتۆپی سێ ڕەهەندی هەنگاوی نا. بە لاپتۆپی جۆری Envy17 3D دەکرێ جیهانێکی دیکە لە تەکنەلۆژیا ببینی و چێژێکی زیاتر لە فیلم و یارییە دیجیتالییەکان وەربگری.

لاپتۆپەکە شاشەیەکی 17 ئینجی هەیە، جگە لەوەش هاردەکەی 640 گیگایە و رامەکەی 6 گیگابایتە. یەکەی لێکدەرەوەی ناوەندی واتە CPU جۆری Corei7ە. بەڵام دەبێ بۆ سوود وەرگرتن لەو لاپتۆپە دەبێ چاویلکەی تایبەتی سێ ڕەهەندی لە چاو بکەی.

## سکاینەرێکی بچوک بەڵام بە سوود



سکاینەر، ئەو ئامێرەیە کە بۆ کۆپی کردنی دوکیومێنت و وێنەکانتان بۆ سەر کۆمپیوتەر یارمەتیدەرە و بەبێ سکاینەر ناکرێت دوکیۆمێنت و وێنەکانی سەر کاغەز بخرێنە سەر کۆمپیوتەر. قەبارەی سکاینەر گەورەیە و لەسەر مێز دادەنرێت واتە کەمتر ئامێری سکاینەری گەڕۆك هەیە، کە هەم بچووك بێت و هەم ئەرکەکانی سکاینەر جێبەجێ بکات، بەڵام سکاینەری جۆری Digitek بۆ ئەو کەسانە دەگونجێت کە لاپتۆپ لەگەڵ خۆیان دەگێڕن، چونکە زۆر بچوکە و دەکرێ بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆت بیگوازیەوە.

سکاینەرەکە بە باتری ئیش دەکات و شوێنێکی USB یشی هەیە کە دەتوانێ وێنەکانتان راستەوخۆ بگوازێتەوە بۆ سەر کۆمپیوتەر.

سکان کردن لەو ئامێرەدا بە بەراورد بە قەوارەی بچووکی زۆر خێرایە، دەتوانێ لە ماوەی 7 چرکەدا وێنەیەکی رەش و سپی سکان بکات و لە ماوەی 15 چرکەشدا وێنەیەکی رەنگاورەنگ. سکاینەرەکە هەر بەتەنیا دوکیومێنت و وێنەکان سکان ناکات، بگرە هەموو شتێك سکان دەکات وەك دەرگاو پەنجەرە و کەلوپەلی دیکە..




## پرۆگرامە پۆرتێبڵەکان چین؟

پرۆگرامی پۆرتێبل بەو پرۆگرامانە دەڵێن کە دەکرێ لەسەر فلاش میمۆری یان هاردی خارجی دایان بەزێنن، پێویست بە ئینستۆل کردن یان سێتەپ کردن ناکات. 3 تایبەتمەندی گرنگی پرۆگرامی پۆرتێبل ئەمانن:

1-پێویست ناکات لەسەر کۆمپیوتەر دایان بەزێنن.

2-فایلی پرۆگرامەکان لەسەر خودی فلاشەکە خەزن دەبنەوە.

3-دوای سوود وەرگرتن لە پرۆگرامە کە و جیاکردنەوەی فلاشەکە لە کۆمپیوتەر، هیچ شوێنەوارێکی پرۆگرامەکە لەسەر کۆمپیوتەر بەجێ نامێنێ.

بۆچی پرۆگرامی پۆرتێبل؟

ئێستاکە کە زانیتان پرۆگرامەکانی پۆرتێبل پێویست بەوە ناکات لەسەر کۆمپیوتەر دابەزێندرێن، کارکردەکەشی بە باشی دەزانن. بۆ نموونە ئێوە کۆمپیوتەرتان پێ نییە، بەڵام نیازتانە لەلای دۆستێك یان لەلای کافی نێتێك فایلێکی PDF بخوێننەوە، کەچی کۆمپیوتەری هاوڕێکەت یان کۆمپیوتەری کۆفی نێتەکە پرۆگرامێکی لەسەر نییە کە فایلی PDF بخوێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە پرۆگرامی پۆرتێبلی PDFی سەر فلاش میمۆرییەکەت سوود وەردەگری. هەرکام لە پرۆگرامە گرنگەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت، پرۆگرامی پۆرتێبڵیشیان هەیە، بۆیە پێویست دەکات لەسەر فلاشەکەت لیستێك لە پرۆگرامی گرنگی پۆرتێبل هەبێت، بۆ ئەوەی لە هیچ شوێنێك تووشی گرفت نەبیت.

# زانیاری گرنگ لەبارەی تەلەڤزیۆنی سێ رەهەندی

ماوەیەکی لەمێژ نییە کە تەلەڤزیۆنی سێ رەهەندی هاتوونەتە بازارەکانی هەرێمەوە، گەرچی چەند ساڵێك دەبێت بەسەر بەرهەمهاتنی ئەو جۆرە تەکنەلۆژییەدا تێدەپەڕێ، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا بە چەندین هۆوە پێشوازییەکی ئەوتۆ لە تەلەڤزیۆنی سێ رەهەندی نەکراوە.

یەکەم، بۆ سەیرکردنی تەلەڤزیۆنی سێ رەهەندی پێویستی بە چاویلکەیەکی 150 دۆلارییە، ئەگەر لە ماڵەوە شەش کەس سەیری تەلەڤزیۆن بکەن ئەوە تەنیا تێچووی کڕینی چاویلکەکان گەلێك زۆرە. دووەم خودی تەلەڤزیۆنی سێ رەهەندی زۆر گرانە، هەرزانترین نرخی تەلەڤزیۆنی سێ رەهەندی لە 2500 دۆلار زیاترە.



لەسەرەتادا با بزانین (3D TV) چییە؟ جۆرە شاشەیەکە کە ئەو توانایەی هەیە کە فیلم و وێنە و یارییەکان لەو TVدا بە سێ رەهەندی ببینی. ئەو TV یە بە فریودانی چاو و مێشکی مرۆڤ، رەهەندی سێهەم و بەرجەستەکردنی وێنە دەرەخسێنێ. چۆن دەکرێت وێنەیەك بە سێ رەهەندی ببیندرێت؟ TVی سێ رەهەندی لە یەك کاتدا دوو وێنە نیشان دەدات، یەکیان بۆ چاوی چەپ و یەك بۆ چاوی راست، دوو وێنەکان بەقەد یەکن و تەنیا تۆزێك بەلای چەپ یان راستدا لاربوونەتەوە. لە تێکەڵبوونی ئەو دوو وێنەیە لە زەیندا وێنەی سێ رەهەندی دروست دەبێت، کاتێك ئەو دوو وێنەیە بەبێ چاویلکەی تایبەت سەیر دەکەی، هیچ شتێکت بۆ دەرناکەوێت، بەڵام کاتێك لە چاویلکەی تایبەت سوود وەردەگری دەبنە یەك وێنەی بەرجەستە و سێ رەهەندی. هەرچەندە لەم دواییانەدا TVی سێ رەهەندی بەرهەم هاتوون کە دەکرێ بەبێ چاویلکەی تایبەتیش فیلمەکان بە سێ رەهەندی ببیندرێن.

# رزگارکردنی گیاندارانی ئەفریقا لە یاری Project Rescue Africa




بۆ ئەوانەی ئۆگری یاریکردنی ئەلکترۆنین، جار هەیە یارییەك هەرچەندە لە بواری گرافیکیەوە لەسەرێ نییە، بەڵام زۆر سەرنج راکێشە بۆ نموونە یارییەکانی farm frenzy کە سوژەی یارییەکان باس لە ژیانی لادێی و کشتوکاڵی دەکات لەم جۆرە یاریانەن. یارییەکی دیکە کە ئەمجارە باسی دەکەین لەگەڵ ئەوەیدا یاریەکی سوکە لە ریزی ئەم جۆرە یاریانەیە. یارییەکە باس لە رزگارکردنی گیاندارانی کیشوەری ئەفریقا دەکات، بەکارهێنەر دەبێ گیاندارەکان بگرێ و خۆماڵییان بکات و خواردن و ئاویان بداتێ، لەگەڵ ئەوەشدا دواتر پەروەردەیان بکات و بیانفرۆشێت. یارییەکە زۆر ئاسانە، تەنیا بە کلیکی ماوس دەکرێت، پاش ئەوەی کە گیاندارەکانی پەروەردەکردن دەبێ بە هەلیکۆپتەر بیانبەی بۆ وڵاتانی تر و بیانفرۆشی و ئیمتیاز بەدەست بێنی، جگە لەوەش دەبێ لەگەڵ ئەو راوچیانەی کە بێ بەزەییانە گیاندارەکان راو دەکەن و دەکوژن بەربەرەکانی بکەی.

# یەکەمین تەبلێتی پرۆژکتۆر لە جیهاندا




ئامێری تەبلێت بەو ئامێرە دەگوترێ کە گشت ئەرکەکانی کۆمپیوتەر جێبەجێ دەکات، بەڵام نە کۆمپیوتەری سەر مێزە واتە Desktop نە کۆمپیوتەری لاپتۆپیشە، بگرە لە هەردوو ئەو جۆرەی کۆمپیوتەر بچوکترە، لە تەبلێتدا کیبۆرد و ماوس بوونیان نییە هەرچەندە شوێنی دانانی کیبۆرد و ماوس هەیە، بەڵام زیاتر لەمسییە و بەقەد کتێبێك دەبێت.

لەم دواییانەدا کۆمپانیای MSI جۆرێك لە تەبلێتی داهێنا کە پرۆژکتۆری هەیە و دەکرێ هەرچی لەسەر شاشەی تەبلێتەکەیە بە پرۆژکتۆر نیشان بدرێت. پرۆژکتۆرەکە 180 پلە دەسوڕێ و دەکرێ وێنەکان لەسەر دیوار، سەقفی بان، یان لەسەر مێز نیشان بدرێن. تەبلێتەکە سیستمی ویندۆز7ی لەسەرە و شاشەکەی 10ئینجە، یەکێك لە تواناکانی ئەو تەبلێتە ئەوەیە کە کیبۆردەکەی تیشکییە واتە، دەکرێ شێوەی کیبۆردەکە بە پرۆژکتۆر لەسەر مێز یان هەر شتێك حەزت لێ بێ نیشان بدەی و ئەرکەکانی خۆتی پێ راپەڕێنی.



# ئاسانترین رێگە بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمپیوتەر لە دوورەوە

کیبۆردی وایەرلەیسی جۆری (zoom zdtv) ئاسانترین رێگەیە بۆ وەرگرتنی و سەیرکردنی فیلمەکانی لە رێگای ئەنتەرنێتەوە.

لە راستیدا ئەو ئامێرە پێکهاتووە لە کیبوردێکی وایەرلەیس و ماوسێکی تاج پەید، بەهۆی ئەو ئامێرەوە بەباشترین و ئاسانترین شێوە دەکرێت کۆمپیوتەرەکەتان کە بە تەلەڤزیۆنی HDەوە پەیوەند دراوەلە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵی بکەی.

لە خوارەوەی کیبۆردەکە ماوسێکی تایبەتی هەیە وەك ماوسی سەر لاپتۆپ، کە دوگمەکانی چەپ و راستی هەندێك بچووکترن و باشتر لە پەنجەکاندا جێگەیان دەبێتەوە.

# پرۆژکتۆری سێ رەهەندی تایبەت بە وتنەوەی وانە



ڤید یـۆ

پرۆژکتۆر، ئەو ئامێرەیە کە دەکرێ فیلم و سلایدەکان لەسەر دیوار، یان تەختەیەکی سپی کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە نیشان بدات، گەر بتهەوێ مەبەستەکەت بەشێوەی سلاید و شیکاری بۆ کۆمەڵە خەڵکێك بە شێوەی وانە و شیکردنەوە دەرببڕی باشترین ئامێر پرۆژکتۆرە، چونکە بە کۆمپیوتەر یان لاپتۆپ تەنیا هاوکات دوو کەس دەتوانن سوودی لێ ببینن، بەڵام بۆ شیکردنەوەی بابەتێك بۆ کۆمەڵە خەڵێك ئەوە ڤیدیۆ پرۆژکتۆر شوێنی هەموو شتێك دەگرێتەوە.

لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك ڤیدیۆ پرۆژکتۆرێکی بەرهەم هێناوە کە وێنەکان بەشێوەی سێ رەهەندی واتە 3D نیشان دەدات. پرۆژکتۆرەکە خاوەنی گلۆپێکی 230 واتیە، کە دەکرێ هەتا 5000 کاتژمێر سوودی لێوەربگرێت. هەروەها ئەو ڤیدیۆ پرۆژکتۆرە دەتوانێ بەشێوەی سێ رەهەندی تیشك بخاتە سەر دیوار یان پارچەیەکی سپی کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە. پرۆژکتۆری جۆری MX880UST سپیکەرێکی داخیلی 20 واتی هەیە و هەروەها مایکرۆفۆن و شوێنی USB هەیە.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی پرۆگرامەکان




دانان و سڕینەوەی پرۆگرامێك لەسەر سیستەمی ویندۆز بێگومان دوای سڕینەوەش چەند فایلێك لە پرۆگرامە سڕاوەکە لە سیستەمەکەدا بەجێدەمێنێت. چونکە کاتێك کە پرۆگرامێك لەسەر کۆمپیوتەر دادەبەزینی، چەند فایلێك لە سیستەمی ویندۆزدا کۆپی دەبن، زۆر جار ئەو فایلانە دوای سڕینەوە پرۆگرامەکە ناسڕدرێنەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیستەمەکە خێرایی خۆی لە دەست بدات و گرفت دروست بکات.

پرۆگرامی SecureUninstaller یەکێك لەو پرۆگرامانەیە کە تایبەتە بە سڕینەوەی بەتەواوی پرۆگرامێك. بەو پرۆگرامە دەکرێت پرۆگرامێك بەتەواوی لەسەر سیستەمەکەت بسڕیەوە، بێ ئەوەی کە هیچ شوێنەوارێك لە پرۆگرامەکە لەسەر کۆمپیوتەرەکە بەجێبمێنێ.
کارکردن بەو پرۆگرامە زۆر ئاسانە. تەنیا بە چەند کلیکێك جێبەجێ دەبێت.
بەگشتی تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- سڕینەوەی بەتەواوی پرۆگرامەکان
- بەکارهێنانی زۆر ئاسان و بێ گرفت و بەتەنیا کلیکێك.
- توانای سڕینەوەی ئەو فایلە ریجستێریانەی کە کاتی دابەزاندنی پرۆگرامێك لەسەر سیستەم کۆپی دەبن، گونجان لەگەڵ گشت سیستەمەکان.



# گوگڵ و خزمەتگوزارییەکی تایبەت بە هاوسەرگیری

کۆمپانیای گوگڵ رۆژ بەرۆژ خزمەتگوزارییەکانی زیاتر دەبن، لە گوگڵ ئێرتەوە دەکری سەیرکردنی جیهان بکەی، جگە لەوەش خزمەتگوزارییەکانی وەك بەرێکردنی ئیمەیل و قسەکردنی بۆ مۆبایل و چوونە ناو مۆزەخانە بەناوبانگەکانی جیهانەوە. ئەوانە بەشێکن لە خزمەتگوزارییەکانی گوگڵ.
گوگڵ لەم دواییەدا خزمەتگوزارییەکی نوێی بەناوی wedding کردۆتەوە کە تایبەتە بە رێورەسمی زەماوەند و پرۆسەی هاوسەرگیری.
ئەدرەسی ئەم خزمەتگوزارییە بەم شێوەیە www.google.com/wedding
لەوێدا دەتوانی جوانترین دیزاین و چوارچێوە بۆ وێنەکانی زەماوەند، جوانترین کارتی رۆژی زەماوەند، شوێنی بانگهێشتی کردنی میوانەکان. جۆری ئارایش کردن و جۆری خواردن و جۆری مۆسیقی تایبەت بەرۆژی زەماوەند لەو خزمەتگوزارییەدا ببینیەوە.

# مەحکەمترین مۆبایل لە جیهاندا







لەم سەردەمەدا مۆبایل بۆتە ئامێرێکی پێویستی ژیانی رۆژانەمان، جاران کاتژمێری دەست هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا بوو، بەڵام مۆبایل شوێنی ئەویشی گرتۆتەوە. رەنگە باش بزانن شێواز و فۆرم و شێوەی کارکردنی مۆبایلەکان جۆراوجۆرن. تەنیا گرفتێك لە مۆبایلەکاندا هەبێت ئەوەیە کە زۆر مەحکەم نین و بەرگەی سەرما و گەرمای زۆر و تەربوون و کەوتنە خوارەوە ناگرن. کەچی مۆبایلی جۆری Sonim لەو بوارانەدا لە گشت مۆبایلەکانی دیکە جیایە، مەحکەمترین و پتەوترین جۆری مۆبایلە. ئەو مۆبایلە لە سەرمای 20 پلە و گەرمای 60پلەدا هیچی لێ نایە و لە قوڵایی دەریاشدا هەروەك خۆیەتی. لە بەرزترین شوێنیش بەربێتەوە و بکەوێتە سەر سەختترین شت هیچی لێنایەت. جگە لەوەش بە هەر جارێك شەحن کردنەوە تا مانگێك و زیاتریش شەحنەکەی دانابەزێت. هەربۆیە ئەو مۆبایلە پێی دەگوترێت، گیان سەختترین مۆبایلی جیهان.